# ئیسلامی سیاسی و کاریکاتێرەکانی دانیمارك

**ئیسماعیل ئیبراهیم ڕواندزی**
**Ismail_rwandzi@yahoo.com**

**ڕۆشنە کە ئەم کێشەیەی سەریهەڵداوە بەهۆی بڵاوبوونەوەی کاریکاتێرەکانی پێغەمبەر سەدا سەد کراوە بە کێشەیەکی سیاسی . بۆیە بە بوونی هێزێکی ئیسلامی سیاسی بەهێزیش لە کۆمەڵگا قسەکردن لە مەسەلەی ڕێزگرتن لە هەستی ئایینی خەڵک بە گشتی و بێ لێوردبوونەوە و وەستانێک ، زەحمەت دەکات . پرسیار ئەوەیە کە ئێمە لە ڕوانگەی کام هێزی سیاسی مەسەلەی ڕێزگرتن لە ئایین و گشت ئەم کێشەیە کە ئەمڕۆ سەریهەڵداوە دێنینە گۆڕێ ؟ کێشەکە تەنها ئەو لایەنەی نیە کە ڕۆژنامەیەک چەند کاریکاتێریکی دژ بە هەستی ئایینی کۆمەڵێک خەڵک بڵاوکردۆتەوە بەڵکو لایەنێکی تری مەسەلەکە ئەوەیە کە هێزێکی تر هەیە دەیەوێ قازانجی سیاسی لێبکات ، بۆیە بیناکردنی سنوورێک لە نێوان ئەم دوو لایەنە پێویستە .**

**بەڕاستی جێێ سەرنجە کە ئەم کاریکاتێرانە پێش چوار مانگ بڵاوبوونەتەوە و هیچ کەسیش نارەزایەتییێکی ، وەک ئەوەی ئێستا هەیە ، نەکردووە . لە هەڵومەرجێکی وەک ئەوەی ئەمڕۆ کە ڕووبەرروی بوینەتەوە ، کە لە لایەک ڕۆژنامەیەک "بێرێز"ی بە هەستی ئایینی کۆمەڵێک خەڵک کردووە وە لەلاکەی تر  ئیسلامییەکان خەریکە سوودی سیاسی لێوەردەگرن ، ناکرێ مەسەلەکانی وەک ئازادی بیروڕا و ڕێزگرتن لە هەستی ئایینی خەلک بە گشتی قسە لێبکەی . بۆ ؟ چونکە ئەمڕۆ وەک ووتم بزووتنەوە و ڕەوتێکی ئیسلامی سیاسی هەیە کە دەبێ بزانین  ئێمە چۆن خۆمان لە بەرامبەر ئەو ڕەوتە دەبینینەوە .**

**ئازادی بیروباوەڕ ، کە یەکێکە لە بنەماکانی هەر وڵاتێکی سیکولار و مۆدێرن ، لە ڕۆژئاوا بۆتە پرەنسیپ لە کۆمەڵگادا ، بە واتایەکی تر لە وڵاتانی ئەوڕوپا تۆ وەک هاوڵاتی مافی ئەوەت هەیە  ئایینت هەبێ یان بێ ئایین بیت ، بۆیە کاتێکیش ئایینت نەبوو تۆ مافت هەیە بڵێێ خودا نیە و ڕەخنەش لە پێغەمبەران بگریت . بۆیە لەم ڕووەوە لە نەزەڕی ئەوڕوپاییەکان کاریکاتێرەکان تەوهین نین بەڵکو ممارسەی مافێکە کە خودی کۆمەڵگا دانیپێداناوە . لە ئەوڕوپا هەموو شتێک لە میدیا ئازادە ئەگەریش تەوهین یان پێشێلکاریەکیش بکرێت ئەوا تەنها یاسا و دەستوورە کە دوایی دیاری دەکا بە چ ڕێژەیەک ئەمە تەوهینە یان پێشێلکارییە نەک ئایدۆلۆژیای فلانە هێزی سیاسی یان فلانە ئایین . ئەوەی ئەمڕۆ هێزە ئیسلامییەکان و "وڵاتانی ئیسلامی" داوای دەکەن کە ئەوڕوپا ڕێگە لە میدیا بگرێ لە ڕەخنە گرتن لە ئایین وپێغەمبەران ئەوا سەدا سەد دژی پرەنسیپەکانی هەر وڵاتێکی سیکولارو مۆدێرنە . ئاخر وڵاتە ئەوڕوپاییەکان کە ئیدعای مۆدێرنیزم و سیکولاریزم دەکەن ناتوانن ئەو هاوڵاتیەی کە باوەری بە ئایین هەیە سەلامەتی و ئازادی و مافی بپارێزێ  بەڵام ئەو هاوڵاتیەی کە بێباوەڕە سەلامەت و ئازادی نەپارێزێ .**

**ئەمڕۆ ئیسلامی سیاسی هێزێکی گەورەیە لە ناوچەکە ، بۆیە ناکرێ ئەم کێشەیەی کە دروست بووە لە سەر کاریکاتێرەکان بەدەر لە بوونی ئەم هێزە چاولێبکەین ، چونکە ئیسلامییەکان وەک پیشەی هەمیشەییان هەر کێشەیەک ئینجا بێرێزی بێت بە هەستی ئایینی کەسانێک وە یان کێشەی نەزانین و گێلی رۆژنامەوانێکیش بێت ئەوا یەکسەر دەیکەن بە کێشەی سیاسی و ئایینی بۆ قازانجی سیاسی خۆیان . کاتێک ئەمە وەزعەکە بێت ئایا ئێمە چیبکەین لە بەرامبەر شەپۆلێکی وادا ؟ ئەگەر سەرنج بدەین هەموو ئەو ناڕەزایەتیانەی کە دژ  بە کاریکاتێرەکان کراون شیعاری سەربڕین و ئیعدامی هەموو کەسێک بەرز دەکەنەوە کە ڕەخنە لە ئیسلام بگرێ . بەراستی ئەم ڕەوتە مەسەلەکەی بێرێزی نیە بە پێغەمبەر بەڵکو سوود وەرگرتنی سیاسی و هەوڵدانە بۆ خۆشکردنی شەری ئایینی لە ناوچەکە ، لەوانەش کوردستان . من دژی ئەوە نیم کە ناڕەزایەتی بکرێ لە دژی کاریکاتێرەکان ، بەڕاستی دەبێ هەموو کەس ئازاد بێت لە ناڕەزایەتی دەربڕین بەلام لە هەمان کات نابێ ناڕەزایەتی دەرِبرین بە مانای تەهدید و هێرشکردنە سەر سەلامەتی گیانی و ئاسایشی ئەوانی تر بێت .**

دەمەوێ لێرە نیگەرانی خۆشم دەربرم سەبارەت بە بووچونێک کە خەریکە لە ناو بەشێک لە نووسەران و ڕۆشەنبیرانی کوردستان سەرهەڵدەدا ئەویش ئەوەیە کە دەڵێن : دەبێ ئیسلام لە بەین ببرێ و ئیسلام کۆنەپەرستە و ....هتد ، واتە بەکورتی دەیانەوێ بڵێن کە ئیسلامی سیاسی یانی ئیسلام . بەمەش خەریکە بیانوو دەدەن بە ئیسلامییەکان لە دژی خۆیان . من پێموایە ئیسلامی سیاسی بە مانای ئیسلام نیە . چونکە ئیسلامی سیاسی ئەو هێزەیە کە ئایین دەکاتە ئامرازێک بۆ مەبەستی سیاسی ،وە ڕوونیشە هەموو موسلمانانی کوردستان ئیسلامی سیاسی نین . بۆیە ئەگەر بمانەوێ ئاقلانە لە رووی سیاسیەوە بیر بکەینەوە نابێ ئەو سوودە سیاسیە بدەین بە رەوتی ئیسلامی ، بەڵکو دەبێ بە خەڵکی موسلمانی کوردستان بڵێین کە دەوڵەتی مۆدێرن و سیکولار لە هەمان کات کە ئازادی و باوەڕ و ژیانت دەپارێزێ ئەوا لە گەڵ ئەو ڕەوت و هێزانەی کە سوودی زیانبەخش لە ئایین دەکەن دژایەتی دەکات . کێشەی ئێمە لەناوبردنی ئایین نیە وە پێشمان ناکرێ . بەس کاتێک ئەوە دەڵێم مانای ئەوە نیە چاو لە ڕەوتی ئیسلامی سیاسی بپۆشین . ئەمڕۆ بەدەر لە ئیرادەی خۆمان رووبەرووی هێزێکی سیاسین کە ئیدعای نوێنەرایەتی ئایینی ئیسلام دەکا ، بۆیە ناکرێ بە گشتیش قسە بکەین . ئاخر ناکرێ کاتێک بۆ نمونە هێزێکی وەک "یەکگرتوو" نارەزایەتی بەڕێدەخا لە سەر کاریکاتێرەکان و هەوڵی تەبدیلکردنی هەستی ئایینی خەلک دەدا بۆ سوود وەرگرتنی سیاسی بێدەنگ بین و پاشەکشە بکەین . حکومەتی هەرێم و حیزبە نەتەوەییەکانی کوردستان دەبێ چاک بزانن کە مێژوو نیشانی داوە هەر پاشەکشەیەک لەم ڕووە بە مانای ئیمتیازدانە بە ڕەوتە ئیسلامییەکان لە سەر حیسابی لایەنەکەی تر لە کێشەکە ، بەمەش هەم سیکولاریزمی کۆمەڵگا دەکەوێتە مەترسییەوە وە هەم ڕاکێشانی بەرە لە ژێر پێی خودی یاسا و دەستهەڵاتیشە . ئەگەر حکومەتی کوردستان و سەرکردایەتی پارتە نەتەوەییەکان دەیانەوێ هەلوێستێکی سیاسی دروست بگرن دەبێ کێشەی کاریکاتێرەکان و مەسەلەی مەریوان هەڵەبجەیی ...هتد لە و چوارچێوە کۆنکرێتە سیاسیەی کە تیادا هاتۆتە گۆڕێ ببینن و هەلۆێست وەرگرن . ئەم کێشەیە کێشەیەکی دوو لایەنەیە کە لایەنی سیاسی کێشەکە گەورەکراوە ، وە خەریکە ئیسلامی سیاسی قازانجی لێدەکات . ئەگەر سەیربکەین زۆر ڕوونە کە مەسەلەی کاریکاتێرەکان بە قازانجی کێ خەریکە تەواو دەبێ . ئەوە دەوڵەتانی کۆنەپەرست و ڕەوتەئیسلامییەکانە سوودیان لێوەرگرتووە . ئیسلامییەکان دەیانەوێ شەڕێکی ئایینی لە ناوچەکە هەڵگیرسێنن ، وە لە ڕێگەی بەکارهێنانی هەستی ئایینی خەڵک خەریکە ئایین و ئیسلام دەکەن بە ئەجندای یەکەمی سیاسەت لە ناوچەکە . بۆیە مادام کێشەکە سیاسیە دەستهەڵادارانی کوردستان نابێ تەنها لایەنێکی کێشەکە ببینن بەڵکو پێویستە بەلانس لە نێوان لایەنەکان لە نەزەر بگیرێ و نابێ کێشەکە لە سەر حیسابی ئازادی باوەر و ڕەخنەگرتن تەواو بێت و ئیمتیازی سیاسی بە لایەنێک بدرێت لە سەر حیسابی لایەنێکی تر .